# (دەرنەکەوتووەکان لە ڕستەدا)

ئامادەکردنی: م. عبدالله عبدالقادر علی

ئامادەیی (سلێمانی)ی کچان

دووشەممە (١٠/٤/٢٠٢٣)

ئەو کەرەستانەی کە لە ڕستەدا دەرناکەون، بەزۆری ئەمانەن:

١/ (بـ)ی نیشانەی کاری (ڕانەبردووی دانانی)، لە کاتێکدا کە کارەکە (داڕێژراو بێت بە پێشگر)، یان (لێکدراو) بێت، واتە (بەشی یەکەمی کار)مان هەبێت، ئەوا دەتوانرێت لە (قسەکردن)دا نیشانەی (بـ) دەرنەکەوێت.

نم/ دەبێت ئالاّکە هەڵبـکەین. ← دەبێت ئالاّکە هەڵکەین.

نم/ دەبێت خانووەکە دروستبـکەین. ← دەبێت خانووەکە دروستکەین.

٢/ (بـ)ی نیشانەی کاری (داخوازی)، لە کاتێکدا کە کارەکە (داڕێژراو بێت بە پێشگر)، یان (لێکدراو) بێت، واتە (بەشی یەکەمی کار)مان هەبێت، ئەوا دەتوانرێت لە (قسەکردن)دا نیشانەی (بـ) دەرنەکەوێت.

نم/ ئالاّکە هەڵبـکەن. ← ئالاّکە هەڵکەن.

نم/ خانووەکە دروستبـکەن. ← خانووەکە دروستکەن.

٣/ (ە)ی جێناوی کەسیی لکاو بۆ دووەمی تاک لە کۆمەڵەی چوارەم لەگەڵ کاری (داخوازی) لە ئەرکی (بکەر)دا دەرناکەوێت، ئەگەر ڕەگی کار بە پیتی بزوێن کۆتاییی هاتبێت.

نم/ بڕۆ. واتە (تۆ بڕۆ.)

مامۆستا (عبدالله عبدالقادر علی)

٤/ (ە)ی سەرەتای پاشگری (ەوە) لەگەڵ کاری (داخوازی) دەرناکەوێت، ئەگەر ڕەگی کار بە پیتی بزوێن کۆتاییی هاتبێت، یان کارە داخوازییەکە بۆ کەسی دووەمی تاک بێت.

نم/ وانەکە لەبەربکەوە.

نم/ نامەکە بهێنەوە.

٥/ (ە)ی ئامرازی پەیوەندی لەگەڵ کاری (داخوازی) دەرناکەوێت، ئەگەر ڕەگی کار بە پیتی بزوێن کۆتاییی هاتبێت، یان کارە داخوازییەکە بۆ کەسی دووەمی تاک بێت.

نم/ بڕۆ پۆل. واتە (بڕۆ بۆ پۆل.)

نم/ ببە پارێزەر. واتە ببە بە پارێزەر.)

٦/ (Ø)ی جێناوی کەسیی لکاو بۆ سێیەمی تاک لە کۆمەڵەی دووەم لەگەڵ کاری (ڕابردووی تێنەپەڕ) لە ئەرکی (بکەر)دا دەرناکەوێت.

نم/ چوو. واتە (ئەو چوو.)

٧/ (Ø)ی جێناوی کەسیی لکاو بۆ سێیەمی تاک لە کۆمەڵەی دووەم لەگەڵ کاری (ڕابردووی تێپەڕ) لە ئەرکی (بەرکار)دا دەرناکەوێت.

نم/ ناردمان. واتە (ئێمە ئەومان نارد.)

٨/ (Ø)ی جێناوی کەسیی لکاو بۆ سێیەمی تاک لە کۆمەڵەی دووەم لەگەڵ کاری (ڕابردووی تێپەڕ) لە ئەرکی (تەواوکەری بەیاریدە)دا دەرناکەوێت.

نم/ وانەکەمان بۆ باسکرد. واتە (ئێمە وانەکەمان بۆ ئەو باسکرد.)

مامۆستا (عبدالله عبدالقادر علي)

٩/ (Ø)ی جێناوی کەسیی لکاو بۆ سێیەمی تاک لە کۆمەڵەی دووەم لەگەڵ کاری (ڕابردووی تێپەڕ) لە ئەرکی (دیارخەری ناو)دا دەرناکەوێت.

نم/ نامەکەمان نارد. واتە (ئێمە نامەکەی ئەومان نارد.)

١٠/ (Ø)ی جێناوی کەسیی لکاو بۆ سێیەمی تاک لە کۆمەڵەی دووەم لەگەڵ کاری (ناتەواو) بۆ کاتی ڕابردوو و کاتی ئێستا لە ئەرکی (نیهاد)دا دەرناکەوێت.

نم/ زیرەک بوو. واتە (ئەو زیرەک بوو.)

نم/ زیرەکە. واتە (ئەو زیرەکە.)

١١/ (Ø)ی جێناوی کەسیی لکاو بۆ سێیەمی تاک لە کۆمەڵەی دووەم لەگەڵ کاری (بکەرنادیار) بۆ ڕابردوو لە ئەرکی (جێگری بکەر)دا دەرناکەوێت.

نم/ بینرا. واتە (ئەو بینرا.)

١٢/ (ی)ی جێناوی کەسیی لکاو بۆ سێیەمی تاک لە کۆمەڵەی یەکەم لەگەڵ کاری (ڕابردووی تێپەڕ) لە ئەرکی (بەرکار)دا دەرناکەوێت، ئەگەر بکەر و بەرکار لە کۆمەڵەی یەکەم بن بۆ ئاسانیی دەربڕین.

نم/ بردیمان. واتە (ئێمە ئەومان.)

نم/ ڕایـــــمانگرت. واتە (ئێمە ئەومان ڕاگرت.)

نم/ دابەشیمانکرد. واتە (ئێمە ئەومان دابەشکرد.)

مامۆستا (عبدالله عبدالقادر علی)

١٣/ (ە)ی ئامرازی دانەپاڵ دەرناکەوێت، ئەگەر هاوەڵناوێکی چۆنیەتیمان کرد بە دیارخەر بۆ ناوێکی دیارخراو، بەمەرجێک ناوە دیارخراوەکە ناسراو بێت و دوو برگە یان زیاتر بێت و بە یەکێک لەم چوار پیتە بزوێنەش (ا، ۆ، ێ، ە) کۆتاییی هاتبێت.

نم/ دەرگا پانەکە

نم/ گەزۆ نایابەکە

نم/ هەرمێ ناسکەکە

نم/ پێشمەرگە ئازاکە

١٤/ (ە)ی کاری ناتەواو بۆ کاتی ئێستا دەرناکەوێت، ئەگەر جێناوە کەسییە لکاوەکان دیار و ئاشکرا بن، واتە جگە لە جێناوی کەسیی لکاو بۆ سێیەمی تاک لە کۆمەڵەی دووەم.

نم/ من زیرەکـــــم.

نم/ ئێمە زیرەکـــــین.

نم/ تۆ زیرەکـــــیت.

نم/ ئێوە زیرەکـــــن.

نم/ ئەوان زیرەکـــــن.

لە کۆتاییدا، دەبێت ئەوەش بڵێم، کە دەکرێت چەند دەرنەکەوتوویەک پێکەوە لە ڕستەیەکدا کۆببنەوە، بەڵام لەبەر درێژنەبوونەوەی بابەتەکە باسم نەکرد.

مامۆستا (عبدالله عبدالقادر علی)

# کۆتایی